# خەلكی ئازادی خوازی شاری سلیمانی

# مانگرتنی ئیوە سەرکەوتنی داخوازیەکانی خەلكی کوردستانە.

ماوەی چەند رۆژیکە لە شارەکانی دەوروبەری شاری سلیمانی بە هەزران خەلكی ئازادی خواز بۆ داخوازی دابینکردنی کارەبا، سوتەمەنیو ئاو، دژی گەندەلی دینە سەر شەقامەکانو دەنگی نارەزایەتیان بەرزدەکەنەوە لە بەرامبەر دەسەلاتدارانی یەکیتی نیشتمایدا، پییان دەلین 15سالە کوردستان لە ژیر دەسەلاتی ئیوەدایە نەتان ویستو نەتانتوانی پیداویستە حەیاتیەکانی خەلكی جێبەجێ بکەن. سەرباری ئەوەش هیزەکانی یەکیتی بە تەقەکردنو گرتنو زیندانی کردن وەلام ئەدەنەوە.

ئەرکی دەسەلاتدارانە پیداویستیە خزمەتگوزاریەکان لە ئاو کارەباو سوتەمەنیو تەندروستیو خانوبەرەو تەرفیهی بۆ خەلكی بە بەردەوامی دابین بکەن، هەقی خەلكیە لە نەبونی ئەوانەدا نارەزایەتی دەربرن، خەلكی هەقیانە هەتا رایگەیەنن کە ئەو حکومەتەیان ناویت، بەلام هیچ کاتو لە هیچ شوینیکدا دەسەلاتدارن هەقی قەدەغەکردنو تەقەکردنیان لە نارەزایەتی خەلك بۆ داخوازیەکانیان نیە.

ئەم رەفتارەی یەکیتی نیشتمانی پیمان دەسەلمینێ کە دەبێت هیزی نارەزاەیتی جەماوەریمان بەرینترو فراوانترو بەهێزترکەین، بەسەر دەسەلاتداراندا فەرز کەین کە هیچ چارەیەکیان نیە جگە لەوەی وەلامی فەوری بە خواستەکانو پیداویستەیکانی خەلكی بدەنەوە، ئیتر میلیشیاییو گەندەلی راگیریو ریسواکریت. دەبیت فیری مەدنیەتو پاراستنی ئازادیو ژیانی خەلك بن، دەبیت دەست لە دەسەلاتی میلشیایی هەلگرن.

خەلكی ئازادی خوازی شاری سلیمانی، رۆژی یەکشەمە 8/13 رۆژی نارەزایەتیو مانگرتنی ئیوەیە بۆ بەردانی زیندانیەکان، بۆ سزادانی ئەو تاوانبارانەی کە تەقە لە خەلكی دەکەن، بۆ دابینکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنی، بۆ ئازادی سیاسی، بۆ بەرەسمیەت ناسینی هەقی مانگرتنو نارەزایەتیو خۆنیشاندان.

**ریکخراوی کوردستانی**

**حزبی کۆمۆنستی کریکاریی عیراق**

2006/8/10